# ئەسپینوزا

# ئەنالیزەکردنی میتافیزیکیا

هنری تۆماس

وەرگێڕانی لەفارسیەوە: هاوڕێ ڕەشید





ئەسپینۆزا بارۆخ(بندیکت)فەیلەسوفی جولەکە، لەدایکبووی ئەمستردام، یەکێکە لەکەسایەتییە گەورەو ناودارەکانی مێژوو.

ئەو لەسەردەمێکدا دەژیا کەسەرکزکردن لەبەرامبەر دەسەڵاتدا مەرجی بەزیندوویی مانەوە بوو. وێڕای ئەوەی لویسی چواردەهەم پادشای فەرەنسا موچەیەکی ساڵانەی بۆبڕیەوە، بەو مەرجەی کەئەم فەیلەسوفە یەهودیە یەکێك لەکتێبەکانی خۆی پێشکەش بەو بکات، بەڵام ئەسپینۆزا ئەو بەخشششەی ئەوی قبوڵنەکرد.

لەو دەمەشدا کەکارل لودیوك شازادەی ئەڵمانیا پایەی ئوستادی فەلسەفەی لەزانکۆی هایدلبورگ پێبەخشی، بەو مەرجەی کەئەو کاری بەسەر ئاینی ستانداری وڵاتەوە نەبێ، دیسان ئەسپینۆزا بەو پلەوپایەش قایل نەبوو.لەکاتێکیشدا کەئەم نانە چەورونەرمانەی بۆپێشنیار ئەکرا ئەو قبوڵی نەئەکردن، بەڕاستی گیرۆدەی دەستی بەدخۆراکیوسەختی ژیان بوو. جاری واهەبوو شەو وڕۆژێکی بەیەك قاپ سوپ یان کاسەیەك شۆربا بەسەردەبرد. زۆر جاریش بەڕاستی هیچ خۆراکێکی نەبوو خۆی پێتێربکات. جەستەی ئەو لەبەر بەدخۆراکی وکاری زۆر، وەخت بوو ببێتە ئامانجی نەخۆشی سیل، بەڵام ئەم فەیلەسوفە ورد ئەندام وبزێو وسەرمەستی هەق، نەك تەنیا هاوکاری ویارمەتی شاوشازادەکان، بەڵکو کۆمەکی نزیکترین دۆستانی خۆیشی پێ قبوڵ نەدەکرا.

ئەسپینۆزا ئەوەندە بەتوانا بوو کەتوانی بەتاك وتەنیایی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت، کڵێسای یەهودی لەتەمەنی بیست ودوو ساڵیدا ئەویان لەڕیزی خۆیان دەرکرد ولەکۆمەڵگەی جولەکە دەریان پەڕاند،بەڵام ئەو تاکو دوایین ڕۆژانی ژیانی نەچووە ڕیزی هیچ ئاینێکی دیکەوەوئەو خۆی ئاینێکی هێنایە گۆڕێ کەئەوەندە بەرفراوان بوو کەتەنگی بەکڵێساوکەنیسەکانیش هەڵچنی بوو، چونکە فەلسەفەی(یەکێتی بونگەرایی)ئەسپینۆزا بەقەدەر گەورەیی ومەزنی دنیابوو. ئەسپینۆزا فەیلەسوفێکی شۆڕشگێڕبوو، بەڵام شۆڕشەکەی ئەو جۆرێکی تایبەت بوو، لەشۆڕشەکانی ترنەدەچوو، خوشکەکەی لەدابەش کردنی میراتی باوکیدا ئەوی فریودا،کەچی ئەو دەعوای لەسەر ئەو خوشکەی تۆمارکردولەدادگادا دەعواکەی بردەوەو ئەوجا هەموو میراتەکەی بەخشی بەخوشکەکەی. ئەسپینۆزا وەکو کۆنفۆشیوس هەرگیز لەبەرامبەر ئێش وئازار ومەینەت وشۆکدا خۆی نەدایە دەست توڕەیی ونەفرەتەوە. کاتێ کەڕەبەنەکانی ئەمستردام ئەویان دەرکردو تێکڕای کەشیشەکانیان ڕاسپارد وەکو سەگێکی گلاو ڕەفتاری لەگەڵدابکەن. کەچی ئەوبێ ئەوەی هیچ نەفرەت وڕق وکینەیەك بگرێتە دڵ بەرامبەر ئەو کۆمەڵگایە، کۆمەڵگای یەهودی بەجێهێشت، چونکە دەیزانی کەڕەبەنە یەهودەکان ئەوکارە بۆبەرگری کردن لەئاینێك دەکەن. کەبەلایانەوە



زۆر جێگای ڕێزوستایشه. ئەو ئەیزانی کەئەگەر ڕەبەنە جولەکەکان بەجۆرێکی ترکاربکەن هیچ پابەندییەکیان بەئاینەکەی خۆیانەوە نامێنێ، بەڵام ئەوەشی دەزانی کەئەگەر خودی ئەویش جگەلەو ڕەفتارەی کەکردبووی،هەرچیەکی تری بکردایە، ئەوە مانای ئەوەبوو کەهیچ وەفادار نەدەبوو بەبیروباوەڕەکەی خۆی.

ئەو هیچ بڕوایەکی بەئاینی جولەکە نەمابوو، بۆیە لەم ڕووەوە جولەکەکان کارێکی دروست ولۆژیکیان کردبوو کەئەویان وەدەرنابوو لەڕیزی خۆیان ولەزومرەی بێ بڕوایانیش دایان دەنا. دوای دەرکردنی لەکۆمەڵگای جولەکە ئەسپینوزا ناوە یەهودیەکەی خۆیلە(بارۆخ)ەوە گۆڕی بۆ(بندیکت)، بەڵام نەیتوانی مێشک وزهنی خۆی بگۆڕێ.

تیۆری کەلامی ئەو بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای فەلسەفەی عیرفانی((کابالا))دامەزرابوو، کەدەزگایەکی هزری یەکگرتووی بوونی عیبرانی بوو، ئیلهام بەخشی بەشی هەرە زۆری بڕوا ئەخلاقیەکانیشی، نووسینەکانی پەیامبەرانی بەنی ئیسرائیل بوون. ئەسپینوزا لەبەر وەدەرنانی لەکۆمەڵگای یەهودی زیاتر خوی دایە خوێندنەوەی هزروباوەڕی گەلانی غەیرە یەهودی،لەلای زانایەکی هۆڵەندی زمانی لاتینی خوێند، کەناوی ڤاندناندە بوو، ئەو کابرایە زانایەکی زمانناس وبیرمەندێکی بەگومان بوو، چەند ساڵێك دواتر لەبەر ناکۆك بوونی لەگەڵ لویسی چواردەهەم لەبەردەم جەماوەردا لەداردرا. ڤاندناندە کیژێکی هەبوو کەلەکاری وانەوتنەوەدا یارمەتی باوکی دەدا، ئەسپینوزا مەست وعەشقی ئەو کچە بوو، داوای لێکرد بەهاوسەری خۆی پەسەندی بکات، بەڵام ئەو کچە داواکەی ئەسپینوزای ڕەتکردەوە مێردی کرد بەخوێندکارێکی دیکەی باوکی کەلەدوو شتدا لەئەسپینوزای زیاتر بوو، یەك پارەدار بوو، دوو جولەکە نەبوو. ئەسپینوزا بەرگەی ئەو شکستە گەورەیەشی گرت وڕووی عاشق بوون بەفەلسەفە. ئەو فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی وهزرە فەلسەفیە دواییەکانی خوێندەوە. فەلسەفەی یەکێتی بونگەرایی گوردانۆ برونو(کەلەبەر هزری تازەگەری ئەویان بەئاگر سوتاند)وهزرە ئەبستراکتە بیرکارییەکانی دیکارت(کەلەبەر خاتری دەرخستنی هزر گەلی تەباو گونجاو لەگەڵ ئاین کەوتبووە بەر ڕێزوستایشی شاهانەوە)وزیاتر لەهزرە فەلسەفیەکانی تر

ئەسپینوزایان خستبووە ژێر کاریگەری خۆیانەوە . مێشك وزهنی بەرفراوانی ئەسپینوزا ، کەهەرچیەکی دەخوێندەوە خێرا وەریدەگرت، تائەو ڕادەیەی کەفەلسەفەکەی لەشێوەی جۆرێك لەعیرفانی یەهودی، بەچەشنی ڕێبازەکەی ئیفلاتون وگومانکاری ڕێبازەکەی ئەپیکۆر لەقاڵبی فەلسەفەی یەکێتی بونگەرایی گوردانۆ برونۆی ئیتاڵیدا،هاتە داڕشتن ولەبەرگی ئەندێشە بیرکارییەکانی دیکارتی فەرەنسیدا، کەوتە بەردەستی جیهان. ئەسپینوزا تەواوی نوسین وئاسەوارەکانی خۆی بەزمانی لاتینی وبەشێوازی شیشرون نووسی . لەجیهانی هزردا کەمتر مێشك وزهنێك بەفراوانی بیری ئەسپینوزا دەبینرێت. بەڵام باوەڕە ئەخلاقیەکانی ئەو هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا سەرچاوە ئیلهام بەخشیەکەی ئەشعیا پەیامبەر بوو.

ئەسپینوزا لەبیست وهەشتەم بەهاری تەمەنیا ئەمستردامی جێی لەدایك بوونی خۆی بەجێ هێشت ولەڕینسبورگ کەسەربەلیدن بوو گیرسایەوە ، لەوێ وەکو پەیامبەرانی سەردەمی دێرینی ئیسرائیلی بژێوی خۆی بەعارەقەی ناوچەوانی خۆی پەیدا دەکرد وکاتی بێکاری وبێئیشی خۆی بەتێڕامان وبیرکردنەوەو نووسین دەربارەی نهێنی وڕازەکانی زاتی پەروەردگاری باڵاومانای ژیانەوە بەسەر دەبرد. سەرگەرمی سەرەکی ئەو لەوساتە خۆشانەدا بوو کەلەشتە نامۆوسەیرو سەمەرەکانی ژیانی جاڵجاڵۆکانە ورد دەبۆوەو دیمەنی شەڕو ململانێی ئەو جاڵجاڵۆکانە جاری واهەبوو بەچەشنێکی وەها ئەویان دەخستە قاقای پێکەنین کەلەبەر توندی پێکەنینەکەی فرمێسك لەچاوەکانی دەهات. تەنیا کاتێ ئەسپینوزا جێگاکەی جێهێشت وتوڕەدەبوو ، ئەو دەمە بوو کەخزمەتکاری ماڵەکە تاروتۆڕی جاڵجاڵۆکەکانی لەسوچ وگۆشەکانی ژوورەکەی ئەودا دەماڵی. ئەسپینوزا کەلەتەواوی ئەو ماوەیەدا دادەنیشت نوقمی تەماشای تۆڕ وتاری جاڵجاڵۆکەکان دەبوو ، لەو دەمەدا خەریکی ڕستنی تاروتۆڕی فەلسەفەکەی خۆی بوو . یەکەمجار کتێبی(پەیامێك سەبارەت بە ئاین وسیاسەت- ATREATISE ON RELIGION AND POLITICS)ی نووسی ، لەم کتێبەیدا ، کتێبی پیرۆزی خستە بەرسەرنج وڕەخنەوە ئەوسا بەم شێوەیە خوای تۆڵەسێنی سەردەمی کۆنی دەرکردو ڕووی کردە خوای بەرەحم ومیهرەبانی سەردەمی تازەی خۆی. سەردەمی نوێی ئەسپینوزا بریتیە لەکتێبەکەی، کتێبی ئەخلاق کەکتێبێکی پیرۆزە لەشێوەی ئەندازەدا دارێژراوە،هەوڵێکە بۆئەنالیزەکردنی سەروسروشت لەڕێی بیرکارییەوە، بەستێکە لەجیهانی نەبینراو، وێناندنێکە لەژیانی نەبینراو، وێناندنێکە لەژیان لەچوارچێوەی ئەبەدیەتدا. جێگای خۆیەتی کەهەڵوەستەیەك بکرێ سەبارەت بەدەریای فەلسەفەی سەرو سروشتی ئەسپینوزا، دەکرێ مرۆڤ بەناو قوڵایی



دیکارت

دیدگای فەلسەفەی ئەودا ڕۆبچێت تادەگاتە کەناری ناوەڕۆکی ئەم فەلسەفەیە.

ئەسپینوزا وەك هەموان حەزی لەدوو پرس بوو، دوو پرسیار سەرقاڵیان کردبوو: چ کەسێك ئێمەی خوڵقاندوە؟ ئێمە بۆچی هاتوینەتە ئێرە؟ ئەو بۆئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە پەیدابکات دەستی کردە ئەنالیزەکردنی ماهیەتی پەروەردگار، بونیادی جیهان وزهنی مرۆڤ . ئەو لەلێگەڕێنی خۆیدا دەربارەی خواوەند بەم دەرئەنجامە گەیشت کەیەزدان لەهەموو شتێکدا ئامادەیەو، هەموو شتێك لەخواوەندایە ، ئەو ئەقڵێکە کەجیهانی دروست کردوە، جیهانێکە بەهۆی ئەو عەقڵەوە دروست بووە، ئەو هەم عاقڵەو هەم مەعقوڵە.سنعەتکارێکە کەبەکارگەی خرۆشانی زەمان قەبای ئەختەر وهەسارەکان ، دەچنێ . جیهانی بینراو جەستەی خواوەندو ئەو هێزەی کەئەو جیهانە هەڵدەسوڕێنێ ڕۆحی خواوەندە، بەڵام ڕۆح وجەستەیەك شتە(هەروەکو چۆن زانایان بۆیان دەرکەتوە کەهێزو مادە یەك شتە) . بەدەربڕینێکی دیکە ، خواوەند گەوهەری ناکۆتای جیهان وهزری ناکۆتای ئەوە ، خواوەند هەمان ئەو جیهانەیە هەرقەدە گیایەك ، هەر زەڕە خاکێ ، هەرگیاندارێ چەند بچوك وناچیزیش بێت ، زەڕەیەك لەزەڕاتی ئەوە ، گەورەترین شێوەی گەردونی ئاسمان وبێ نەواترین هەژاری سەر ڕووی زەمین لە هەڵبەستی ئەفراندنی ئەودا چەند ڕیتمێکن کە بایەخ و گرنگیان یەکسانە, لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هۆزانە کە سەرقاڵی عەقڵێکی لایتناهییە , بە گوێرەی یاساو خواست گەلی عەقڵە ناکامڵەکانی ئێمە دروست نەکراوە.

عەقڵ و زهنی خواوەند بە هیچ جۆرێ لە عەقڵ و زهنی مرۆیی ناچێت. ئەو مەبەستەش کە ئەو لە چوارچێوەی شانۆی ژیاندا دەیخاتە ڕوو لە دەرەوەی سنوری تێگەیشتنی ئێمەوەیە , دادوەری ئەو لەو بارەوە لە ڕادەو سنوری ئێمەدا نیە, چونکە جیهان لەبەرخاتری ئێمە دروست نەکراوە, ئەوانەی وا بیردەکەنەوە کە جیهان بۆ مرۆڤ خوڵقێندراوە, ئەو بیرەیان تا ئەوەندە مەعقولێ و لوژیکیە وەکو ئەوە وایە کەسێك وای دابنێت کە جانەوەر لەبەر ئەوە دەست و پێی پێ بەخشراوە تا بتوانێ کەسانی تر بگەزێت, یاخود لوت بۆیە دراوە بە مرۆڤ تا چاویلکەی لەسەر گیرو بەرقەرار بکات . ئێمە نابێ بەحیکمەتی نادروستی مرۆیی خۆمان, دەربارەی حیکمەتی بێ کۆتایی یەزدان دادوەری بکەین بەبڕوای ئەسپینۆزا خوا پوخت وهەست و ویژدانە , نەك بینەرێکی مەزاج ڕەنگی کە لەئاسماندا دانیشت بێ و گوێی گر بێ بۆ دوعا ئێمە . ئەوەی لە دیدی ئێمەدا وەك کەسێك یان مرۆڤێك , باش بێت یان خراپ هیچ

پەیوەندیەکی بەخواوەندەوە نیە . پەروەردگار ئەوەی دەبێت بە گوێرەی یاسا گەلی هزری خۆی دروستی دەکات. ئەو هەمان ئەو مەکینە گەورەیە کە جیهان دەجولێنێ یان هەڵدەسوڕێنێ, لە هەمان کاتیشدا ئەو هزرەی کە ئەو مەکینە مەزنە ڕێبەری دەکاتو ئەو هێندەی کە دەیخاتە کار, هەر خۆیەتی. هەر هەمووشمان ددانەی پێویست و زەروری ئەو مەکینە ئۆتوماتیکیە هەمیشە بە بزاوت و جوڵەیەین. ئیرادەی خوا یاسای سروشتە. ڕووناکی , نور لە ئەستێرەیەکەوە دەدرێت بە ئەستێرەیەکی تر. مرۆڤ جادەو شەقامی نێوان بێداری و ئاگاداربوونی خود لە میانی دووخەوندا دەپێوێ تەنها بۆ ئەوەش کە هەردوو ملکەچی ئیرادەی یەزدانن واتە یاسای نەگۆڕی ڕووناکی و ژیانن . ئیرادە گەلی مرۆیی ئێمەش ملکەچی یاسا گەلی جەبرو زەرورەتە . ئیرادەی ئازاد لە جیهاندا بوونی نیە. ئێمە مەخلوقی پێداویستیەکان و بەری ژینگەی خۆمانین ئەسپینۆزا، دەنووسێ (کەلەدەروونـدا ئیرادەی ئازاد یاڕەها بوونی نیە.ئیرادەومەیل بۆشتەکان مەعلولی عیللەتێکە کەئەو عیللەتە خودی مەعلولی عیللەتێکی ترە، وئەو عیللەتەش مەعلولی عیللەتێکی ترەو بەم چەشنە دەڕوات تامالانیهایە) بەگوزارشتێکی تر تەواوی کردەوەکانی ئێمە وەك ئەندامانی ڕوومان وماسولکەکانی لەشمان پشتیان بەستوە بەهێزە سروشتیەکانەوە، کەلەدێر زەمانەوە تائەو جێیەی کەمێشکی مرۆڤ توانای هەیە لەکارکردناپێ بەپێی یاساگەلی حەتمی سروشتی ئاوا قەرار دراوە کەلەجیهانیئەزەلیدا بتهۆڤن پەیدابببێت کەئاهەنگە ئاسمانیەکان پۆلێن بکات و، هیتلەرێك بێتە دنیاو ملیۆنەها مرۆڤ بەربداتەوە ناوئامێزی ترسناکی مەرگەوە.کردەوەکانی ئێمە بەهەمان ئەندازە ئازادو بەگوێرەی ئیرادەی خۆمانن کەبارینی باران لەئاسمانەوە، دەرچوونی ئەو تیرەی کەلەکەوانەوە ڕەها دەکرێ ، تەنها جیاوازیەك کەلەنێوان ئەو تیرەی کەلەکەوانەکەوە ڕەها کراوەو دەرئەچێت لەگەڵ کاروکردەوەی مرۆڤەکان ئەوەیە کەمرۆڤ لەکاری خۆی بەئاگایەو بەهەڵەش ئەم ئاگاداربوونە بەتوانای بەڕێوەبردن و وێنادەکات.

ئێمە لەوەی بەئەنجامی دەگەیەنین ئاگادارین، بەلاّم ئەو ئازادی ودەسەلاّتەمان نیە کەبەجۆرێکی ترکاربکەین، ئێمە پابەندی چارەنوسی خۆمانین، بەئێمە مۆڵەت دراوە کەتەماشاکەری درامای بچوکی ژیانی خۆمان بین، بەلاّم لەدەرهێنانی ئەو درامایە وگۆڕینیدا هیچ ڕۆڵێکمان نیە . ئێمە توانای بینینی کردەوەکانی خۆمان هەیە وئەو توانایەمان بەئیرادەی ئەنجامی ئەو کارانە بەهەڵەدا دەبەین . بڕیارەکانی ئێمە نەك تەنیا لەئەنجامی ژیانی ئێمە خۆماندایە بەڵکو حاسڵی ژیانی ڕابردووی باب وباپیرانمانیشە.

بەم شێوەیە ئەسپینوزا نەشکسپیر لەبەر زیرەکی وبەهرەمەندیەکەی ستایشی دەکات و نەیەك کەس بکوژ لەبەر تاوانەکەی ڕیسوا دەکا . لەم ڕووەوە دەنووسێ(من گەلێ زەحمەتم کێشاوە نەك بۆئەوەی کەکارو کردەوەی مرۆڤەکان بخەمە بەرگاڵتەجاڕی ویان بەستایش وپیاهەڵدان ، بەڵکو بۆئەوەی کەتێبگەم)ئەگەر ئەسپینوزا تاوانبار بەشایستەی سزا دەزانێت ئەوە لەبەر گیانی تۆڵەسێنی نیە لەودا، بەڵکو ئەوە لەبەر پاراستنی کۆمەڵگایە لەشەڕو خراپەکاری ئەو تاوانکارە . ئەسپینوزا

لەبەرامبەر ئەوانەدا کەقسەی پڕوپوچ وبێ سەروبەریان پێ دەووت ولەبەرامبەر ئەو دوژمنانەشیدا کەئازاریان ئەدا، هەمان هەڵوێستی پێشووی هەبوو, چونکە پێیوابوو هەموو ئەڵقەکان لازم و پەیوەستی بێ دوماهی عیللەت و مەعلولن . ئەو لە ڕەهەندێکی هەمیشەییەوە دەیڕوانیە هەر ڕوداوێکی سروشتی و کارو کردەوەیەکی مرۆیی. لە هزری فەلسەفی ئەسپینۆزادا هەر مرۆڤێك بەشێکە لە خوا, ئەندێشەیەی قابیلی دیتنە لە هۆزانی ئەبەدیەت کە لەسەر ڕووی زەمان نەخشێنراوە ئەگەر ئەو ڕووە بشکێنرێ و ورد بکرێت, شێوەی نوسراوی ئەو شیعرەش ون دەبێ, بەڵام هزرەکەی هەر دەمێنێتەوە. کاتێك کە کتێبی هەڵبەستەکانی شکسپیر دەدڕێت و پەڕە پەڕە دەبێت , هەڵبەستەکانی لە ناوناچن , بەڵکو ئەوە شێوە چاپیەکەی ئەوانە کە دەفەوتێ, بیروهزری شکسپیر لەگەڵێ لاپەڕەدا تۆمار کراون دەکرێ ئەو لاپەڕانە بدڕێنرین, بەڵام هزرەکانی کە ئەو هەڵبەستانە شێوە مادییەکەیانە, مەحاڵە لەناو ببرێن. جەستە دەمرێت، بەڵام ڕۆح دەمێنێتەوە. بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە بابڵێین هەریەك لە ئێمە وەکو پارچە شوشەی ڕەنگاو ڕەنگین لەناو دەزگایەکی ڕەنگین نمادا, هەر وەکو چۆن شوشەکە بشکێت ڕەنگەکەی لەناو ناچێت، بەڵکو لە ناو تیشکی سپی خۆری ئەبەدیەتدا دەتوێتەوە. بەدەستەواژەیەکیتر ڕۆحی خودا یان ئەگەر ئێوە پەسەندی دەکەن خودا بەشێوەیەکی ڕەها , وەکو خۆر بێت و جەستەی مرۆڤیش وەکو گۆماوێکی لێڵ, هەروەکو چۆن گۆماوەکە وشك ئەبێتەوە واتە جەستەکە دەمرێت , تیشکدانەوەی تیشکی هەتاو ئیتر تیایدا نامێنێ, ئەمە لە کاتێکا کە خۆر بە بەردەوامی بەڕووناکی خۆیەوە درەوشاوەیە.

بەگوزار شتێکیتر هەر مرۆڤێك بەشێکە لە یەکەیەکی خودایی, کاتی کە مرۆڤ دەمرێت ڕۆح وەکو دڵۆپێك ئاوە دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئۆقیانوس یان نەغمەیەکە لەگەورەیی سەمفۆنیادا بزر دەبێت،یاخود هزرێکی. بەرزە لە دەقی فانی ئەم جیهانەدا هەڵدەفڕێ و لە چوارچێوەی ئەبەدیەتدا قەرار دەگرێ .( نەفسی مرۆڤ بەمردنی جەستە بەشێوەیەکی ڕەها هەرگیز لە ناوناچێ.. نەفسەکان لە ئامێزی نەمری و جاویدانیدا دەمێننەوە).

بەرامبەر بەمە هەبووە مرۆییەکان چەند تاکێکی جیاکراوە لە یەکتری نین کە هەر یەکێکیان بە تەنیایی بۆ خۆی بژی و سەرقاڵی کاری خۆی بێت, بەڵکو ئەوانە بەش گەلی وا بەستەو هاوبەندی یەك یەکەی خواین. هەموو ئێمە بزانین یان نەزانین بۆ یەك مەبەستە لە هەوڵداین. ئێمە تەنیا ئەندام گەلی یەك خێزان نین و بەس بەڵکو ئێمە ئەتۆم گەل و گەردی پێکهێنەری یەك جەستەین. ئەگەر ئێوە زیان بگەیەنن تەنانەت بە بچوکترین و بێ دەسەلاتترین کەسێك، مانای وایە زیانتان لەپەیکەری گشتی مرۆڤایەتی داوە.هەرکارێك یان بێ دادیەك بەرامبەر بەهەرکەسێ بکرێت، ئەوە تاوان وجینایەتێکە بەرامبەر تێکڕای مرۆڤایەتی. واتە ئەو زوڵمە دژ بەپەیکەری یەکە یەکەی هەرهەموویان ئەنجام دراوە.

ئەو کەسە پتر لەگەڵ ڕۆحی ژیان هاوئاهەنگە،کەزیاتر لەکەسانی تر بەرامبەر بەهاوجۆرانی خۆی هەست بەهاودەردی وسۆز وبەزەیی ئەکات.

و: هاوڕێ ڕەشید

ئەسپینوزا پێیوایە مەبەست لەژیان ئەوەیە کەمرۆڤ لەڕێی خۆشحاڵ کردنی کەسانی ترەوە، بەختەوەری خۆی پتربکات، پیاوی عاقڵ وحەکیم ((بۆخۆی ئارەزووی شتێك ناکا مەگەر ئەو کاتەی کەئەو شتەش بۆهاوجۆرانی خۆی ئارەزووی بکات.کەمێك ئاسودە بەو نەفرەت بەئەوین لەنێوبەرەو، چارەنووسیش بەجوامێرییەوە پەسەندبکە، ئەمەیە کورتە وگەوهەری ژیانی شایستە یان بەقەولی خودی ئەسپینوزارەوشتی تەواو تێکڕای ژیان)).

شادمان بە بەو پەیوەندیە پاکودۆستانانەی کەلەگەڵ تێکڕای مرۆڤەکاندا گرێت دەدات.لەیادت بێت کەژیانی تۆ، ژیانی هاوسێکەی تۆهەرچەندە ڕەنگە بەشتێکی کەم وناچیزە سەیربکرێ، لەچینی ڕەهەندەکانی ژیانی جیهانیدا تاڵە داوێکی پێویستن.

مەزنترین هێزوچاکە بەیبردنە بەیەکێتی دەروون لەگەڵ تەواوی جیهانی سروشت،ئەگەر دنیا بۆتۆ دروست نەکرابێت لای کەم بۆدنیا دروستکراوە، تۆ لاپەڕەیەکی گرنگی لەپەڕتوکی ژیان، ئەگەر تۆنەدەبووی ئەو کتێبەش کەم وکورت وناتەواو دەبوو.

لاپەڕەی ژینی خودی ئەسپینوزا قەشەنگ وبەڵام کورت وکۆتا بوو،ئەو هەمیشە لەجموجوڵ وجەوەلاندا بوو لەجێیەکەوە دەچووە شوێنێکی ترتاسەرئەنجام لەماڵی دۆستێکی لەشاری لاهای بەرقەرار بوو.ئەم ماڵە تەنانەت لەسەردەمی ژیانی ئەسپینوزاشدا زیارەتگای کۆمەڵێکی زۆر لەبیرمەندە گەورەکانی ئەو زەمانە بوو. ئەو لێرەدا کتێبە بەنرخەکەی خۆی کتێبی(ئەخلاق) ethics ی نووسی.ئەم کتێبە تاکو دوای مردنی ئەسپینوزاش چاپ نەکرا بەڵام، دۆستەکانی دەسنوسەکەی ئەویان خوێندبۆوە بەشێوەیەکی زارەکی لەمیانی خۆیاندا بۆچوون وسەرنجەکانی خۆیانیان دەربارەی دەردەبڕی.لەو ماوەیەدا ئاگری شەڕ لەنێوان فەرەنسا وهۆڵەندادا کڵپەی دەسەند، بەڵام ئەسپینوزا بەبێ لایەنی وبێبایەخیەوە دەیڕوانیە ئەو جەنگە. ئەو پێیوابوو دەبێت ڕێزی دوژمنەکانیش بگیرێت وەك چۆن ڕێز لە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی دەگیرێت. ئەوەی کە ئەو مەبەست و ئامانجی بوو تەنیا فەلسەفە بوو, جارێکیان وەکو منداڵێکی مەعسوم بێ تاوان بۆ گفتوگۆو مشتومڕی فەلسەفی ڕۆیشت بۆ داوەتی شازادەی فەرماندەی سوپای دوژمن, ئەم کارەی خەریك بوو ببێتە نرخی ژیانی.

ئەسپینۆزا تەمەنی زۆر نەبوو زستانی ساڵی ١٦٧٧ ئەوەندە سارد بوو, کە سنگە لاوازو نەخۆشەکەی ئەو بەرگەی نەگرت لە ڕۆژی یەك شەممە کە بەردەستەکانی ماڵەکە چووبوون بۆ کڵێسا, ئەو گیانی سپارد.

کاتێك کە مردیش تەمەنی ٤٤ ساڵ بوو, لەم ڕووەوە مێژوونوسی فەرەنسی دەبێژێت هەر چەندە ئەسپینۆزا تەمەنی کورت بوو، بەڵام ( دروست ترین دیدگایەك کە تا ئێستا مرۆڤایەتی بەرامبەر بە یەزدان هەی بێت) لە دوای خۆی بەجێی هێشتوە.

***سەرچاوە:***

هنری توّماس، بزرگان فلسفه چاپ ١٣٧٩